www.kurdistannet.org 16-5-2004

حەمەسەعید حەسەن

# میوانی ژێر دەواری ئالآی ئازادی

ئالآی ئازادی/ نووسینگەی سلێمانی
1992. 07. 28

* جەنجاڵیی ئەورووپا بۆ هەندێک کە لە کوردستان ڕێ و شوێنێکیان هەبوو، بووە قەسابخانە و کەوتنە نێو دنیای بیرچوونەوەوە، کەچی بۆ هەندێکی دیکە بووە فێرگە و لە بواری ئەدەب و ڕۆشنبیریدا هەڵکشانیان بە خۆیانەوە بینی، ئەم دیاردەیە چۆن لێک دەدەنەوە؟

** نامۆیی، ئەو زەرووەی خوێنی ئێمەی دوورەوڵات دەمژێت، لایەنی ڕوناکیشی بە خۆیەوە گرتووە. دوورەوڵاتی دەردێکی دژوارە، بەڵام ڕۆڵێکی کاریگەریش لە دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی نووسەردا دەگێڕێت، یان هەر ئەزموونێکی نوێی پێ دەبەخشێت. نووسەرێکی کورد، مەبەستم نووسەری ڕاستەقینەیە، نەک ئەوانەی ڕۆڵی نووسەر وازی دەکەن، کە لەگەڵ لایەنەکانی ژیانی ئەورووپادا ئاشنایی پەیدا دەکات، ئەو جیهانە نوێیە، کاریگەرێتیی خۆی بە بەرهەمەکانییەوە جێ دەهێڵێت و گەشە بە توانای دەدات. ژیان لە ئەورووپادا تیغێکی دوودەمە، هەم هێرشت بۆ دەهێنێت و هەم داکۆکیشت لێ دەکات، ئەوی خاوەنی کرۆکێکی پتەو نەبێت، لە بەردەم پەلاماریدا خۆی پێ ڕاگیر ناکرێت و دەبێتە قوربانیی یەکێک دەردە کوشندە زۆروزەبەندە باوەکانی ئەورووپا.

بەش بە حاڵی خۆم، دابینکردنی بژێوی، کاتێکی زۆر بردووم، بەیانیان دنیا تاریکە دەچمە سەر کار، ئێواران دنیا تاریکە بە ماندوویی لە کار دەگەڕێمەوە، بۆیە زێتر لە ڕۆژانی پشوودا دەنووسم، ڕۆژانی ئاسایی هەر فریای خوێندنەوە دەکەوم. من ئەگەر چی هاوڕێیانم بە نووسەرێکی چالاکم دەزانن، بەڵام هەر ڕۆژێکی ژیانم کە دوور لە زێدی خۆم بەسەر دەچێت، وەک لە زینداندا بە سەرم بردبێت، وا هەست دەکەم ئەو ڕۆژەم لە کیس چووە.

پێم وایە نووسەری ڕاستەقینە لە دۆزەخیشدا پەرە بە توانای خۆی دەدات، نەک هەر وشک ناکات، بەڵکوو داهێنانی نوێش تۆمار دەکات. هەندێک لەوانەی لە ئەورووپا لێ چوونەوە، ئەوە نەهەنگی سیاسەت بوو، ماسیی بەهرەی قووت دان. ئەورووپا مەحەکێکی ڕاستگۆیە، زێڕی ساغ و ساختە لەوێ زەقتر لە یەکدی جیا دەکرێنەوە.

* گونجاندن لە نێوان شیعر، ڕۆژنامەگەرێتی، ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و بڕێک جاریش ڕەخنەی توندی سیاسی، کە گونجاندنی لەگەڵ جیهانی ناسکی شیعردا ئاسان نییە، چۆن سەرنج دەدەیت؟ لە کام بواردا خۆتان دەبیننەوە؟

** هێشتا هەرگیز پێشەکی بڕیارم نەداوە، ئەو بیرۆکەیەی گینگڵم پێ دەدات، بە چ شێوەیەک دەری ببرم. شیعر، لێکۆڵینەوە، ڕەخنەی ئەدەبی یان سیاسی، هەموویان پردن لە نێوان نووسەر و خوێنەردا، نازانم بۆچی بۆ دەربڕینی فلان بیرۆکە، فیسار ڕێگا هەڵدەبژێرم، یان ڕاستتر هەڵمدەبژێرێت. من هێندەی بە داڕشتنی دێرەشیعرێکەوە ماندوو دەبم، نزیکەی هێندەش بایەخ بە داڕشتنی هەر دێڕێکی نووسینێکی دیکەم، ئیدی

ڕەخنەی ئەدەبی بێت یان سیاسی، دەدەم. ئەدەب لە گەلێک وڵاتی جیا جیا پێک هاتووە، بەڵام هیچ کام لەو وڵاتانە پڕ بە مانای وشەکە سەربەخۆ نین و بە هەزاران داو بە یەکدییەوە گرێ دراون. من بۆ نووسینی ڕەخنەی ئەدەبی و بابەتی سیاسیش پەنا دەبەمەوە بەر شیعر. با خوێنەر سەریشک بێت، لە کام بواردا قەڵەمم زاڵە، با خوێنەر پێشبینی بکات، لە کام هەواردا ئۆقرە دەگرم. ماڵئاوایی لە شیعر، ناونیشانی نووسینێکی منە، تازەکی بڵاو بووەتەوە، بەو هیوایەی بکەوێتە خانەی چیرۆکەوە.

* جاران وا ناسراو بوویت، بایەخت زێتر بە لایەنی کۆمەڵایەتیی ئەدەب دەدا، لەسەر حسابی هونەر و تەکنیک، لە هەندەران ڕەخنەی یەکلایەنی تا چەند بایەخی هەیە؟

** ڕاستە زێتر گرنگیم بە ناوەڕۆک دەدا، بەڵام لایەنی هونەریشم فەرامۆش نەدەکرد، کورد بە قۆناغێکدا تێپەڕ دەبێت، نووسەری سەر بەو گەلە، ناتوانێت بایەخ بە ناوەڕۆک نەدات، من پێشتر گوتوومە: شیعر باڵندەیەکە، ناوەڕۆک و شێوە هەر دوو باڵەکەی پێک دەهێنن، ئێستاش وا بیر دەکەمەوە. ئەدەب لە قۆناغە جیا جیاکانی هەر کۆمەڵگایەکدا، ئەرکی جیا جیای بەرەو ڕوو دەبێتەوە. بە داخەوە ئێستاش شیعر لای ئێمە ئەرکێکی هاندەرانەی لەسەر شانە، بەڵام بۆ نموونە لە سوێد، وەک تابلۆیەکی هونەری سەرنجی شیعر دەدرێت و لەسەر شاشە نیشان دەدرێت، هیچ شاعیرێک لە کاتی خوێندنەوەی شیعردا، شێرئاسا نانەڕێنێت، شیعر گەر چی جەماوەرێکی کەمی هەیە، بەڵام ئەو هەڵبژاردەیە بە عەشقێکی پیرۆزەوە، لە بارەگای خوای شیعردا دەوەستێت.

ڕەخنە لە ئەورووپاش گرنگی بە لایەنی کۆمەڵایەتی ئەدەب دەدات، بەڵام نەک بەو زەقییەی جارانی لای ئێمە، لەوێ گەلێک ڕێبازی ڕەخنەیی جیا جیا بوونیان هەیە، یەکێکی گرنگیان، زێتر لایەنی کۆمەڵایەتی ڕەچاو دەکات. ئەدەب بە هەموو لقەکانییەوە، لە دوا شیکردنەوەدا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و هونەرییە. من هەنووکە نەک هەر شیعر، کە ڕەخنەش دەنووسم، چەند ناوەڕۆکەکەیم مەبەستە، لای کەم ئەوەندەش گرنگیی بە لایەنە هونەرییەکەی دەدەم.

* لە چاو وڵاتانی ئەورووپادا، ئەدەبی سوێدی لە چ ئاستێکدایە؟

** سوێدییەکان گەلەکی بچووکن، بەڵام خاوەنی ئەدەبێکی گەورەن. ئۆگست ستریندبێری کە ناسراوترین نووسەری سوێدییە، یەکێکە لە نووسەرە هەرە گەورەکانی جیهان. ئەسترید لیندگرێن کە بۆ منداڵان دەنووسێت، لە جیهاندا کەس هێندەی وی، لای منداڵان خۆشەویست نییە. لە بواری بۆ منداڵان نووسیندا، نەک هەر کەس شان لە شانی ناسوێت، بەڵکوو کەس دەستی ناگاتە داوێنیشی، ئەو لوتکەیەلکە بەسەر جیهاندا دەڕوانێت. سەلما لاگەرلۆف بە هەقی ڕەوای خۆی نۆبێلی وەرگرت. لاگەرکڤیست و سوێدەربێری دوو لوتکەی هەڵکشاوی دیکەی ئەدەبی سوێدین.

ئەدەبی سوێدی گەر شانبەشانی ئەدەبی ئینگلیزی، ئەڵمانی و فەرەنساییش ڕێ نەکات، ئەوا زۆر لە دوایانەوە نییە. خەڵکی سوێد شەمموان پشوویانە و درەنگ لە خەو ڕادەبن، بەڵام کە شەممەیەک کتێب هەرزان بکرێت، بەرەبەیان دێنە دەرەوە و لە سەرەی کڕینی کتێبدا، چەند سەعاتێک ڕادەوەستن. کتێبخانەی گشتی لە هەموو گوندێکی سوێددا هەیە، میللەتێک هێندە پەرۆشی خوێندنەوە بێت، خاوەنی ئەدەبێکی باڵاش دەبێت و ئەدیبی گەورەشی تێدا هەڵدەکەوێت.

* گۆڤاری خەرمانە، لێرە بە پەرۆشەوە بە پیرییەوە دەچن، ئامانج لە دەرچوونی چییە؟

** لە ئەورووپا گەلێک گۆڤاری کوردی دەردەچن، خەرمانە لە هیچیان ناچێت، زێتر بایەخ بە ئەدەب دەدات و بۆ ئەوە دەچێت ببێتە گۆڤارێکی ئەدەبی خاوەن ئاستێکی بڵند. خەرمانە گۆڤارێکی سەربەگۆبەندە و لە ناو پۆلی گۆڤارەکاندا، قوتابییەکە گوێڕایەڵی مامۆستا نابێت و زۆر جار دەرسەکە لە مامۆستا تێک دەدات. خەرمانە ئەسپێکی کێوییە، نە زین کراوە، نە لەغاو، هەر کە لەغاو کرا، خۆی دەکوژێت. خەرمانە گۆڤاری ئەدیبانی کوردی هەندەران و کوردستانە، سنگی بۆ هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی، بە چاوپۆشین لە بیروڕای نووسەرەکەی، کراوەیە.

هیچ خوێنەرێکی کورد لە ئەورووپا، بەرانبەر خەرمانە بێ هەڵوێست نییە، یان باوەشی گەرمی بۆ دەکاتەوە و بە دڵ پشتگیریی دەکات، یان بە توندی ڕەتی دەکاتەوە و پێی بکرێت، نەک هەر سەرنووسەرەکەی، ئەویشی تێیدا بنووسێت، سەرکوت و دەمکوتی دەکات، ئەمەش مەدالیایەکی زێرینە بە سنگی گۆڤارەکەوە و تروسکەی گەییشتووەتەوە کوردستان. خەرمانە ئاواتەخوازە گوڕێک بە ڕەوتی ئەدەبی کوردی بدات و نەوەیەکی ماڵینەکراو پەروەوردە بکات، نەوەیەکی سەربڵند، نەوەیەک سەر بۆ هیچ گوشارێک نەوی نەکات.

* دوای کتێبی ‹ناوەڕۆک و شێوە لە چیرۆکی کوردیدا،› بەرهەمی نوێتان چییە؟

** ‹سەبارەت شیعری هاوچەرخی کوردی› کە دوو مانگی دیکە بڵاو دەبێتەوە. بەشێکی گرنگی ئەو کتێبە، هەڵسەنگاندنی چۆنێتی وەرگێڕانی ئەو شیعرە کوردییانە کە کراون بە سوێدی. بابەتەکانی دیکەی، لێکۆڵینەوەن لە شیعری دڵزار، پەشێو و محەممەدی حەمەباقی، باسێکیشی تێدایە بە ناونیشانی: ئایا شێوە لە ناوەڕۆک گرنگترە؟ کە لە وەڵامی سەلاح شواندا نووسراوە.

* ڕاتان لەسەر شیعرەکانی ئەم دواییەی شێرکۆ بێکەس چییە؟

** دوا بەرهەمی شێرکۆ: دەربەندی پەپوولە، مەزنترین کاری ئەو شاعیرە گەورەیەیە، کە خوێندمەوە حاڵم لێ هات، کە لە خوێندنەوەی بوومەوە، پێم وابوو لە گەشتێکی بەهەشت گەڕاومەتەوە، بەڵام کە ئەو شاعیرە مەزنە، زمانی شیعری کردە زوڕنایەک بۆ پڕوپاگەندەکردن بۆ دەنگدان بە لیستی کەسک، من وەک شاعیرێکی بچووک هەستم بە شەرمەزاری کرد، ئەگەر پڕوپاگەندی بۆ هەر ڕەنگێکی دیکەش کردبا، هەر هەمان هەستی شەرمەزاری دایدەگرتم، ئینجیلی شیعر لەوە پیرۆزترە بکرێتە کەرەسەی پڕوپاگەندەکردن بۆ هەڵبژاردن. لاقی شیعری شێرکۆ بوو بە تەڵەیەکەوە مەگەر لاقی شیعری شاعیرانی دەرباری بەعسی پێوە بووبێت. زۆرن ئەوانەی قسەکانیان لە قەوارەی خۆیان گەورەترە، شێرکۆ هەندێک جار قسەکانی لە قەوارەی خۆی بچووکترن!

* ئەدی ڕەفیق سابیر؟

** ڕەفیق سابیر ئەو شاعیرە داهێنەرە، ئەگەر چی لە ژیانی ڕۆژانەیدا زێتر سەرقاڵی سیاسەتە وەک لە شیعر، وەلێ جێگەی سەرنج و مایەی خۆشییە، گڕەی سیاسەت نەیتوانیوە گوڵی شیعری بژاکێنێت، ئەمەش ئەو ڕووناکییەیە وام لێ دەکات، گەشبین بم بەرانبەر بەوەی ڕۆژێک دادێت، ڕەفیق شەقێکی توند لە تۆپی سیاسەت هەڵبدات و بە تەواوی بگەڕێتەوە بۆ جیهانی بێگەرد و پیرۆزی شیعر و ئەدەب.

* لەبەر ڕۆشنایی بارودۆخی نێودەوڵەتیدا، لەناو ئابڵۆوقەی دووسەرەدا بۆ سەر خەڵکی کوردستان، پێمان خۆشە ڕای خۆتمان سەبارەت بە ئایندەی پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان بۆ ڕوون بکەیەوە.

** من پێم وایە کوردستان سێ جار ئابڵۆوقە دراوە، ئابڵۆوقەی وڵاتانی دنیا، ئابڵۆوقەی بەعس و ئابڵۆوقەی

www.kurdistannet.org 16-5-2004

لایەنە کوردییەکان، کە ئەمەی سێیەمیان لە دووانەکەی دیکە جەرگبڕترە. وڵاتانی دنیا و بەعس تەنیا بەری هاتنی شتومەکیان لێ گرتووین، بەڵام بەرەی کوردستانی چی شتومەکی بەنرخ لە کوردستاندا هەبوو، هەمووی تاڵان کرد. پێم وایە کاتی ئەوە هاتووە ئەو لایەنەی بەشداری تاڵانکردنی کوردستانی نەکردووە، هەڵوێستێکی کاربڕ بنوێنێت، ئەگەر نا ئەویش ڕووزەردی لای مێژوو دەبێت.

پەرلەمان نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵکی کوردستان نییە، کام پەرلەمانتار نوێنەری ئەوانەیە کە چالاکانە بەشداری ڕاپەڕینیان کرد و بەعسیان وەدەرنا؟ کامیان نوێنەری ئەوانەیە کە بۆیان نالوێت، مانگی جارێکیش تامی گۆشت بکەن؟ کامیان نوێنەری خەڵکی خانووە قوڕەکان، ئاوارەکان و کەسوکاری ئەنفالکراوانە؟ پەرلەمان زادەی ناکۆکی نێوان لایەنەکانی نێو بەرەی کوردستانییە و لە کەشێکی سروشتیدا لە دایک نەبووە. لە وڵاتێکدا عەسکەر زاڵ بێت و لوولەی چەک چاو دەربهێنێت، پەرلەمانی هەژار چۆن دەتوانێت فزرە بکات؟ کێ گوێی لێ دەگرێت! بە ڕاست ئێوە ناپرسن، بۆچی هیچ کام لە سەرکردە ڕاستەقینەکانی دوو زلهێزەکە، قایل نەبوون لە پەرلەماندا ئەندام بن؟

گەشبین نیم بەرانبەر داهاتووی پەرلەمان و پێم وا نییە زلهێزەکانی نێو بەرەی کوردستانی، بەرژەوەندیی خەڵکی کورد ڕەچاو بکەن و لە پێناوی ئایندەی جەماوەری کوردستاندا، دەستبەرداری قازانجی تەسکی حیزبایەتی خۆیان بن. من ئومێدم لە بەرەی کوردستانی و پەرلەمان بڕیوە، بەڵام پڕ بە دڵ ئاواتەخوازم لە سەددا سەد هەڵە بم و بتوانن چارەیەک بۆ ئەو کارەساتە مەزنە بدۆزنەوە کە گەلەکەمان دووچاری بووە. پێم وایە کاتی ئەوە هاتووە، خەڵکی کوردستان بیر لە چارەسەرێک بکەنەوە و گوێ نەدەنە ئەو بلۆفەی کە دەڵێت: ئەگەر بەرە نەبێت، بەعس دێتەوە، ئاخر کە جەماوەر بەعسی هەڵبڕی، بەرە دوور لە وڵات، چادری ئاوارەیی هەڵدابوو، یەکێتیی ڕیزەکانی گەلیش درۆیەکی گەورەیە، ئاخر گەل هەرگیز لەگەڵ تاڵانکەرانیدا لە یەک ڕیزدا نییە.

* ڕای گشتی و هەڵوێستی دەوڵەتان، کامیان ڕۆڵی گرنگتری لە بەرەو پێشەوەچوونی کێشەی گەلەکەماندا هەیە؟

** ئەگەر کورد خۆی نەبزوێت، دەوڵەتان لەوە زێتری بۆ ناکەن کە تا ئێستا کردوویانە. دەوڵەتان لە گۆشەی بەرژەوەندیی ئابووریی خۆیانەوە سەرنجی کێشەی کورد دەدەن. دەوڵەتان کێشەی کورد وەک کارتێکی گوشار، هەر جارەی بۆ سەر لایەک، بەکار دەهێنن. دەوڵەتان لە باشترین حاڵەتدا وەک کورد لە ئەنجامی لافاو یان گڕکانێکەوە لێی قەومابێت، سەرنجی دەدەن.

ئەوانەی ئێستا فرمێسکی درۆینەمان بۆ دەڕێژن، هەر خۆیان بوون، بازووی بەعسیان بەهێز کرد، تا قڕمان تێ بخات. کورد دەبێت خۆی شتێک بۆ خۆی بکات، نە بەعس و نە دوژمنانی ساختەی بەعس، هیچی بۆ ناکەن، ئەمریکا لە مرۆڤدیۆستییەوە نەبوو، بایدایەوە بۆ کوردستان، لەژێر گوشاری بیروڕای خەڵکی دنیادا بوو، بۆ ئارایشکردنەوەی ڕووخسارە دزێوەکەی خۆی بوو، بۆ فریودانی خەڵکی دنیا بوو، بۆ شاردنەوەی حەقیقەتی خۆی بوو.

* ئاڵای ئازادی، ئۆرگانی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، ژمارە <٣٦> هەولێر ١٩٩٢/٨/٢٣

* جێی سەرنجە ئەم دیمانەیە وەک خۆی بڵاو نەکرایەوە، مەقەستی حیزب باڵی کرد.